# ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەنێوان ئیدعای دیموکراسی و واقعی بیروکراسی دا .

ئەبوبکر ئەحمەد سـڵێمان
bahman@planet.nl

زیاترلە42ســـاڵەخەڵکی کوردستان بەخوێنی گەشی ڕۆڵەکانیان باجی مەیل وگرایشی بیروکراسی یانەی ئەحزابی قەومی ئەدەن ودەبنەقوربانی پاراستنی بەرژەوەندی شەخسی ، هەردو باڵی ڕابەرایەتی ســیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردلەکوردستانی عێراق ، لەپێناو بەدەست هێنانی دەسەڵات وبەرژەوەندی شەخسی دا چارەنوسی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان یان گیرۆدەی بن بەست و قەیرانی سیاسی وململانەیەکی نادیموکراسی یانەوبێ کۆتای کردوە ، لەسەردەمی نوێشدا ڕابەرایەتی سیاسی ئەم دوباڵەی کوردایەتی بەناوی دوحیزبی لێك جیاواز یەکێتی وپارتی لەململانەوکێ بەرکێی سیاسی داهەمــورێگایەکی نادروست وغەیرەدیموکراسی یان لەدژی یەکترگرتۆتەبەر ، تائێستا ئەم دوحیزبە لەیەکەم ودوهەم تاقی کردنەوەی پرۆسەی دیموکراسی وپارلەمانیدابەتەزویر و قۆپی دەرچون و2مانگ بەرلەهەڵبژاردنەکان کورسی یەکانی پارلەمانی کوردستان یان لەنێوان خۆیان دابەش کردوە ، سەرەڕای هەموئەوانەش لەدوای 5 مانگ لەهەڵبژاردنەکان بەهۆی قبوڵ نەکردنی پرەنســبی دیموکراسی ئائێستاش پارلەمانی ئەم دوحیزبە نەی توانیوەیەکەم کۆبونەوەی خۆی گرێ بدت وحکومەتێکی یەکگرتوو دامەزرێنن ، بەپێی تازەترین هەوڵەکانی کوردستان سەبارەت بەئارام بونەوەی گرژی وئاڵۆزیەکانی نێوان یەکێتی وپارتی کەبەهۆی کێشەی یاسای سەرۆکی هەرێم سەری هەڵدابو ، بڕیاروایەڕۆژی 4-6-2005 پارلەمان کۆبیبێتەوە و بەڕێز کاك مســعودبارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردێت ، بەڵام سەبارەت بەیەکگرتنەوەی هەردوئیدارەکەی کوردستان وپێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتو ، بەپێی هەواڵەسەرەتاییەکان 4 وەزارەت لەگرنگترین ڕەکیزەی دەسەڵاتەکانی ئەم دوحیزبە یەك ناگرنەوە کەئەویش بریتین لەوەزارەتەکانی{ ***ناوخۆ ، پێشمەرگە ، دارایی و داد ،*** } هێشتنەوەی ئەم 4 وەزارەتەگرنگانەلەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی یەکگرتوداومانەوەیان لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی دا ، بەبڕوای من سەرە ڕای هەموئەوپێشکەوتنانەش کەسەبارەت بەئارام بونەوەی پەیوەندیەکانی نێون پارتی ویەکێتی ڕوی داوە ، تێکەڵ نەکردنەوەی ئەم وەزارەتانە بەئاشکراماناى یەکنەگرتنەوەوهەڵپەساردنی کێشەگرنەکان ونەبونی سەرەتایی ترین متمانەدەگەیەنێت لەنێوان ئەم دوحیزبەداو کوردستانیش هەربەدولەتی و دوئیدارەی سیاسی دەمێنێتەوەو هیــچ شــتێك لەکێشەکانی نێوان ئەم دوحیزبەومەینەتەکانی خەڵکی کوردستان کەم ناکاتەوە ، لەکوردستان ئەوەی کەپێی دەڵێن سەربەستی وئازادی وقبوڵ کردنی بیروڕاسیاسی جیاواز بەپێوانەو مەنــتــقی دیموکراسی جودی نیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گوێ لەهۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەم دوحیزبەبگریت کوردستان یان کردۆتەبەهەشــت ونمونەی دیموکراسی ئەفسوناوی بۆهەمــوناوچەی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وداوادەکەن کەوڵاتانی ناوچەکەسودلەوئەزمونەوەربگرن .

ئاخرئەوکوردستانەی کەئێوەئەتانەوێت دنیاچاوی لێ بکات وببێتە نمونەی دیموکراسی بۆوڵاتانی ناوچەکە ، ماوەی 5 مانگە بەهۆی داسەپاندنی مەبدەئی تەوافقـــات و زاڵ بونی ئەفکاری بیروکراسی یانەوبەتاڵ کردنەوەوبێ ئیعتبارکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمســـاڵ لەویست وئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان ، پارلەمان نەی توانیوە یەکەم کۆبونەوەی خۆی گرێ بدات ، لەسیستمی دیموکراسی هیچ وڵاتێکی دونیادا ڕوی نەداوە 2 مانگ بەرلەهەڵبژاردن کورسی یەکانی پارلەمان لەنێوان ئەحزابی کێ بەرکێی {متنافس}دابەشێوەی یەکسان دابەش بکرێت ، یەکێك لەخاڵەهەرەگەش وپۆزەتیفەکانی سیستمی دیموکراسی پرۆسەی هەڵبژاردن و گوێ ڕایەڵی دەنگی خەڵك وقبوڵ کردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە ، لەوڵاتی فەرەنســـا ولەڕیفراندۆمێکی گشتی دا 55%لەخەڵکی ئەو وڵاتە دەستوری نوێی ئەوروپاڕەت دەکاتەوە ، ئەم ڕێژەیەلەدەنگی ئیعترازات وناڕەزایەتی خەڵکی فەرەنســـالەبەرامبەردەستوری نوێی ئەوروپا بوبەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی جان بیار ڕافارانی سەرۆك وەزیرانی فەرەنســـا وڕوخاندنی حکومەتەکەی وتەواوی وڵاتانی ئەوروپای هێناوەتەلەرزین وگەورەترین کێشەی لەبەردەم وڵاتانی یەکێتی ئەوروپادا دروست کردوە ، لە 31-4-2004 خەڵکی کوردستان لەڕیفراندۆمێکی گشتی داهاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق 90% دەنگی خۆیان بەجیابونەوەوسەربەخۆیدا ، سەرەڕای ئەوەش کەبەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە ئەوسندوقانەدانرابون بۆڕاپرسی گشتی سەبارەت بەجیابونەوە یان مانەوەی کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ، من بەگوێی خۆم گوێم لێ بو بەڕێز مام جلال لەچاوپێ کەوتنێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی فەزای{ العالم} داوتی ئەوە ئیستهلاکی محلی یەوئێمەلەگەڵ ئەم مەتڵەبەی خەڵکی کوردستان دانین ، لەکوردستانی عێراق مەنتــق وچەمکی دیموکراسی پێچەوانەکراوەتەوە ، لەجیاتی ئەوەی حیزبەکان مل کەچی دەنگی زۆرایەتی خەڵك بن دەبێ سەرجەم خەڵکی کوردستان مل کەچ وگوێ ڕایەڵی بڕیارودەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی حیزبەکان بێت ، ئەگەر یەك تۆز مەنفەسی دیموکراسی لەکوردستان وجودی هەبوایە وئەنجامی دەنگی سەرجەم خەڵکی کوردستان لەڕیفراندۆمەکەی سەرەتای ئەمساڵدا کەمترین ڕێزوئیحترامی لێ بگیرایە ، دەبودەست بەجێ حیزبەدەسەڵاتدارەکان جیابونەوەودامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆیان لەکوردستان ڕاگەیاندبایە ، بەهیچ نەگرتن وڕەت کردنەوەی دەنگی زیاترلە 2 ملیۆن لەخەڵکی کوردستان جگەلەبێ ئیحترامی بەهەست ودەنگی خەڵکی کوردستان وقبوڵ نەکردنی دەرئەنجامەکانی ئەوڕیفراندۆمەولەژێرپێ نانی ویست وئیرادەی سیاسی خەڵکی ئەم وڵاتە و ڕێزنەگرتن لەپرەنسیــبی دیموکراسی وداسەپاندنی مەنتــقی بیروکراسی یانەهیچ مانایەکی دیکەی نیە .

ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دەیانەوێت ڕاستی یەکان سەرەوبن وئاواژو نیشانی دنیابدەن ودەسەڵاتی بیروکراسی یانەی خۆیان بەنرخی دیموکراسی عەیاری 24 ونمونەلەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەخەڵکی کورستان بفرۆشـــنەوە ، لەکاتێکداحیزبەدەسەلاتدارەکان ماوەی 14 ســاڵەبەڕێگای شەڕی میلیشیایی و بەمەنتــقی هێزوزۆرداری ودورلەهەرپرنسیـب وپێوانەیەکی دیموکراسی یانەحوکمی کوردستان دەکەن ولەسەرکەپکی حمەدئاغا کەشاخێکی ڕەق وتەقە بەدەیان لاوی کوردیان کردە قوربانی بەمەبەستی داسەپاندنی دەسەڵات بەسەرئەوشاخەدا .

حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان دیموکراسی یان تەنهاوەکو دروشم هەڵداوە وباوەڕیان بەسیستمی دیموکراسی نیە ، هەرکاتێك بەڕێگای دیموکراسی یانەکەوتبنەژێرفشاری خەڵکەوەومەترسی بۆسەردەسەڵاتیان دروست بوبێت پەنایان بردۆتەبەرهێزی چەك ومەبدەئی تەوافـقات ولەهەڵبژاردنەکاندا چاوەڕوانی ئەنجامی دەنگی خەڵکی کوردستان یان نەکردوەوپێش وەخت کورسی یەکانی پارلەمان یان لەنێوان خۆیاندا بەشێوەیەکی یەکســان دابەش کردوە ، تەمەنی پارلەمانی کوردستان پەرژینێکی قیم بێت لەڕی پارلەمانتاران لەتەمەنی خدری زیندەو کیسەڵوقەلەڕەشەدەچێت وبۆتەموعجیزەولەدونیادا نمونەی پارلەمانی تەمەن درێژی لەوجۆرە نیەونەبیندراوە ، 13 ســاڵەلەکوردستان دەزگایەکی بەناوتەشریعی هەیەکەپێی دەڵێن پارلەمان ، ئەم پارلەمانەجگەلەوەی کەبەهۆی شەڕی ناوخۆ ماوەی 11 ســاڵەئێکس پایەربوە و دوکەرت کراوە وبۆتەپاشکۆی سیاسەتی حیزبەکان و زیاترلە 3 جارلەسەریەك ماوەی یاسایی وشەرعیەتی پارلەمانی بەپێی بنەماکانی دیموکراسی بەسەرچوە ولەدەست داوە ، تائێستاش بەهۆی قبوڵ نەکردنی پرەنسیـبی دیموکراسی نەی توانیوە یەك بگرێتەوەو کۆبونەوەی ئاسایی خۆی گرێ بدات ، حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەکێ بەرکێ وململانەی حیزبی دانەك هەریەکتری یان پێ قبوڵ ناکرێت وبەرگەی پرۆسەی دیموکراسی ناگرن ، بەڵکولەناوڕیزەکانی خۆشیاندابەهێزی چەك وئاگروئاسن بەگژ ڕەخنەگران وئەندامانی خۆیان دادەچنەوەولەسەربیروڕای جیاواز زیندانیان دەکەن وبەتەور سەریان دەقەڵێشنەوە ، لەکوردستان هەمو ڕێکخراوە پیشەیی وکۆمەڵایەتی یەکان کراونەتەپاشکۆی سیاسەتی حیزبەدەسەڵاتدارەکان ، ڕۆژ نیە پۆلێك لەڕۆژنامەنوسانی ئازادیخواز وڕۆشنبیرانی سەربەخۆ ڕاپێچی زیندان نەکرێن و بێ ئیحترامی یان پێ نەکرێت ، ئەمانەهەموی بەڵگە ی ئەوڕاستی یەن کەلەکوردستان نەك هەردیموکراسی وجودی نیە بەڵکو ڕۆژانە بوختان بەماناو ناوەرۆکی دیموکراسی دەکرێت .

سیستمی دیموکراسی وپارلەمانی ماناوئیعتباری ڕاســتەقینەی خۆی لەوەدائەبینێتەوە کەهەمیشەپشت دەبەستێت بەجەماوەری بەرفراوانی خەڵك ، پارلەمان و دەوڵەت دەبی شەرعیەت ودەسەڵاتی خۆیان ڕاســتەوخۆ لەپرۆسەی هەڵبژاردنێکی ئازادانەوبەدەنگی زۆرینەی خەڵك بەدەست بێنێت ، تۆکەلەهەڵبژاردنەکانداچاوەڕوانی دەرئەنجامەکانی دەنگی خەڵك ناکەیت و 2 مانگ بەرلەهەڵبژاردنەکان

کوردسی یەکانی پارلەمان ودەسەلاتی دەولەت لەسەربنەمای تەوافـقات لەنێوان خۆتان دەبەش دەکەن ، ئیتر هیچ ماناوئیعتبارێك بۆهەلبژاردن ودەنگی خەلك ودیموکراسی یەکەتان نامێنێتەوە ، کاتێك ئالوگۆڕی دەسەلات بەڕێگای نیشاندانی هێێزی چەك چاوسورکردنەوەتەوافـقات بەسەخەلکی کوردستاندا ئەسەپێنیت ئەم پرۆسەیەنەك هەردیموکراسی نیەبەلکو ڕاستەوخۆدەبێتەدەسەلاتێکی دیکتاتۆریانەبەسەرخەلکەوە .

من کاتێك کەگوێ لەتەلەفزیۆنەکانتان دەگرم وڕۆژنامەکاتنان دەخوێنمەوەو قسەکانتان لەگەل ڕەوتارەکانتان بەراورد دەکەم ئارەقی شەرمەزاری بەناوچاوەنمادێتەخوار ، ئاخرئێوەهەمیشە زیندانەتارێك وئینفرادیەکانتان پڕیەتی لەخەلکانی ئازادیخوازو ڕۆشنبیروڕۆژنامەنوس وڕۆژنیەلەژێرسایەی حوکم ودەسەلاتی ئێوەدا تاسەرئێسقان بێ ئیحترامی بەسەرەتایی ترین مافەکانی مرۆڤ وئازادی یەدیموکراسی یەکان نەکرێت ، بەلام لەکەنالەکانی ڕاگەیاندتانەوە زۆر چاوقایمانە باس لەسـوبردیموکراسی بونی خۆتان وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەکوردستان دەکەن وشانازی بەمێژوی پڕلەشەڕوگێچەل ونادیموکراسی یانەی خۆتانەوەدەکەن .

ماوەی 14 سـالەدورلەهەر بنەمایەکی دیموکراسی یانەوبەڕێگای تەوافـقاتی حیزبی ودوئیدارەیی و لەڕێگای پارلەمانێکی ئێکسپایەرەوە حکومەت ودەسەلاتێکی ناشەرعی تان بەسەرخەلکی کوردستاندا سەپاندوە و ناویشـتان لێناوە ئەزمونی دیموکراسی نمونەیی لەناوچەکەدا ، لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعـس ئەوهەموگەورەبەرپرسانەی حیزبی کەفایلی ڕەش وخیانەت کاریان لێ ئاشکرابو ، نەك هەر یاسایەك نەبو لێیان بپێچێتەوە بەلکوو ئەمڕۆ کراون بەتاجی سەروەریەکانی شۆڕش وبەناوی پێشمەرگەی شاخ ودێرین خەلات دەکرێن ، بەلام لە ماوەی ئەو 14 سـالەدایاسـاکانی ڕژێمی لەناوچوبەسەرسەری خەلکی کوردستانەوەدەشەکایەوەو بەپێی بەرژەوەندی دەسەلاتی خۆتان بەسەرنەیارانی سیاسی داسەپێندراوە و ڕۆژنامەکانتان بەویاسایانەداوەتەدادگاو پێتان داخستون ، پێم بلێن ئاخرچۆن ئەم کردەوانەلەگەل ئیدعای دیموکراسی دا دێـتەوە ؟؟؟؟ .

ئەبوبکر ئەحمەد سـلێمان
2005-6-2 هۆلـندا
bahnan@planet.nl